حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٢٨) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٨) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. بەردەوامبوون لە هەماهەنگیی و هاوکاریی و کارئاسانیی بۆ دەستە هاوبەشەکانی وردبینیی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی و اصوڵیی پێویست سەبارەت بەو تێبینی و سەرنجانەی کە لە ڕاپۆرتەکاندا تۆمارکراون لە دوای هەڵسەنگاندنی تێبینی و سەرنجەکان و دڵنیابوونەوە لە یاساییبوون و ڕەواییبوونیان.
٢. پێویستە یەکەکانی خەرجکردن لە هەرێمی کوردستان لە (١٠) دە ڕۆژی یەکەمی هەموو مانگێک تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة)ی مانگی پێشووتری یەکەکانیان ئاڕاستەی فەرمانگەی ژمێرکاریی لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بکەن و بەرپرسیارن لە ڕاست و دروستی داتا و زانیاریی و ژمارەکانی و ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنمایی و ڕێبەرە کارپێکراوەکانی ژمێریاری و دارایی.
٣. وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسایی و ئیداری و دارایی و ژمێریاری پێویست دەگرێتەبەر لە بەرامبەر هەر یەکەیەکی خەرجکردن کە کەمتەرخەمیی دەنوێنن لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی هاتوو لە سەرەوە و بەرپرسیارێتیی یاسایی لە ئەستۆ دەگرن لەم بارەیەوە.
٤. ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، بۆ چاودێریی و بەدواداچوونی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

٥. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**